# کاریگەریی ستراتیجییەتی کۆلۆمبۆ لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە وبیرکردنەوەی لێکنزیکی لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا

هێرۆ ئەکرەم محەمەد حەیدەر جاف
Hiro.Akram2306@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
پەیمان جەلال ئەحمەد
کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد

**پوختەی:**

ئەم توێژینەوەیە (کاریگەری ستراتیجیەتی کۆلۆمبۆ لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی و هاوبیریاندا) توێژەر دیزاینی کۆنترۆڵی بەشەکی پەیڕەوکردووە بۆ دووگرووپی سەربەخۆ ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەتاقیکردنەوەی پاشەکی.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە خوێندنگا ئامادەیی و دواناوەندیە ڕۆژانەکانی ناوەندی پارێزگای بەغداد ، وە لەنێوان هەر شەش بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە پەروەردەکاندا توێژەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرخی/یەکەمی هەڵبژاردووە کەرتی (القادسیە) ، وەتیایدا (دواناوەندی نبوغی کچانی) هەڵبژاردووە بەمەبەست، نموونەی توێژینەوەکە لە (60) خوێندکار پێك هاتووە لە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی کە بەهەڕەمەکی دابەشکراون ، بەجۆرێك (30) لە گرووپی ئەزموونی ستراتیجیەتی کۆلۆمبۆ دەخوێنن وە (30) لە گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن .

وە توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك بۆ تێگەیشتنی خوێندنەوە کە( ٢٢) بڕگە لە خۆدەگرێت لە چوار پرسیاردا و لە نێوان هەر سێ ئاستەکەی تێگەیشتندا ( پیتی ، نادیار ، واتای وشە ، بەستێن ) ، پرسیاری یەکەم بریتی بوو لە هەڵبژاردن ، و پرسیاری پێکهێنانی ڕستە بوو، وە پرسیاری پڕکردنەوەی بۆشایی بوو ، و پرسیاری چوارەم پێك گەیاندنی وشەکان،خستیە بەردەست شارەزاو پسپۆڕان و دڵنیابوویەوە لە ڕاستێتی و جێگیری و هێزی جیاکەرەوە بڕگەکانی، ئاستەنگی، وکارایی جێگرەوە هەڵەکان ، پاشان تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد لە هاوبیریدا کەحەوت بنەڕەتی لەخۆ گرتووە . ستراتیجیەتی ، کۆلۆمبۆ ، هاوبیریاندا .

# أثر استراتيجية كولومبو في الفهم القرائي والتفكير التقاربي عند طالبات الصف الرابع الاعدادي في مادة القراءة الكردية

هيرو أكرم محمد حيدر الجاف
Hiro.Akram2306@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
بيمان جلال احمد
جامعة بغداد ،كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية ،طرائق تدريس اللغة الكردية

**الملخص**

يرمي هذا البحث تعرّف **"أثر إستراتيجية كولومبو في الفهم القرائي في مادة القراءة الكردية الحديثة عند طالبات الصف الرابع الاعدادي وتفكيرهن التقاربي".**

وأعتمدت الباحثة التصميم التجريبي ذا الضبط الجزئي لمجموعتين مستقلتين تجريبية وضابطة ذو الاختبار البعدي.

يتكون مجتمع البحث من طالبات الصف الرابع في المدارس الثانوية في محافظة بغداد ومن بين المديريات العامة الستة للتربية، اختارت الباحثة مديرية تربية الكرخ الاولى في قطاع القادسية (60) طالبة يتكونون من طالبات الصف الرابع. تم توزيعهم عشوائياً، بحيث بلغ (30) طالبة في المجموعة التجريبية لاستراتيجية كولومبو و(30) طالبة في المجموعة الضابطة الذين يدرسون بالطريقة الاعتيادية

أعدت الباحثة اختبار الفهم القرائي يتكون من 22 فقرة في أربعة أسئلة مقسمة بين مستويات الفهم الثلاثة (الحروف، المجهول، معنى الكلمات، السياق)، والسؤال الأول هو الاختيار، والسؤال الثاني تكوين الجملة وكان السؤال الثالث هو ملء الفراغات، والسؤال الرابع هو إتاحة الكلمات للخبراء والتأكد من الدقة والثبات وقوة التمييز والعوائق وكفاءة الفرص البديلة. استراتيجية ، كولومبو، الفهم القرائي ، التفكيرالتقاربي.

**The Effect of the Colombo Strategy on Reading Comprehension and Convergent Thinking Among Fourth Grade Intermediate School Students in Kurdish Reading Subject**

**The thesis is submitted by:**
**Hero Akram Muhammad Haider Al-Jaf**
**Supervised by**
**Prof. Dr.**
**Baiman Jalal Ahmed**
**Council of the Faculty of Education Ibn Rushed for Humanities at the University of Baghdad**
**Hiro.Akram2306@ircoedu.uobaghdad.edu.iq**

**Abstract**

This research aims to identify (**the effect of the Colombo strategy on reading comprehension in modern Kurdish reading subject among fourth-grade middle school female students and their convergent thinking).**

The researcher adopted an experimental design with partial control for two independent groups, experimental and control, with a post-test.

The population of this research included female students in the fourth grade of middle school in middle and secondary day schools in the center of Baghdad Governorate, and from among the six General Directorates of Education, the researcher chose the General Directorate of Education of Al-Karkh/First (Al-Qadisiyah District), and from it the researcher chose (Al-Nabugh Secondary School for Girls) intentionally, The research sample consisted of (60) female students in the fourth year of middle school, distributed randomly, with (30) students in the experimental group who studied according to the Colombo strategy, and (30) students in the control group who studied according to the usual method.

The researcher prepared a reading comprehension test, which included (22) items in four questions distributed among the three levels of understanding (literal, implicit, word meaning, and context). The first question was multiple choice, the second question was composing a sentence, the third question was “fill in the blanks,” and the fourth question was “multiple choice.”

## یەکەم: کێشەی توێژینەوە:

خوێندنەوە کارێکی بیریی ژیرییە ،ئامانجی بنەڕەتی ئەوەیە کە خوێنەر بەئاسانی تێبگات لەوەی کە دەیخوێنێتەوە ، بەڵام زۆرینەی خوێندکاران ناتوانن بەوردی بخوێننەوە کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر دەستهاتی خوێندنیان ولە هەمان کاتدا کاریگەری لەسەر لایەنی ڕۆشنبیریان دەبێت و دەبێتە بەربەستێك لەنێوان ئەوان و خودی فێرکردنیاندا .

پاش ئەوەی توێژەر خوێندنەوەی بۆ بابەتی سەرەوە کرد ، وکێشەکەی دەستنیشانکرد ، لەگەڵ ئەزموونی خۆی لە بواری وتنەوەی زمانی کوردی لە قۆناغی ئامادەییدا ، فۆرمێکی ڕاوەرگری پێشکەش بە کۆمەڵێك مامۆستایانی بابەتەکە کرد کە ژمارەیان (20) مامۆستا بوو.

بۆدڵنیابوونەوە لەبوونی کێشەکە ، فۆرمێکی پێشکەشکردکە ئەم پرسیارانەی لەخۆ گرتبوو: ئایا لەکاتی وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەك دەبیتەوە؟ ئەگەر هەیە ئەوکێشەیە چییە؟

زانیاریەکانت چین دەربارەی ستراتیجیەتەکانی وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ؟

چی زانیاریت هەیە دەربارەی ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ ؟

توێژەر ئەنجامی جۆراوی بەدەستهێنا لەوانەش :

چەندین کێشەی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی مامۆستایانی خوێندنەوە دەبێتەوە بەڵام کێشەی ڕێگاکانی وتنەوەی زۆرترین بوون کە (١٦) مامۆستا دیاریان کردبوو وە ڕێژەی ٨٠% ژمارەی گشتی پێك دەهێنن.

(١٥) مامۆستا واتە ڕێژەی ٧٥% زانیاریان نییە دەربارەی ستراتیجییەتەکانی وانەوتنەوەی نوێ و بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ بەڕێگای کۆن دەڵێنەوە.

(٢٠) مامۆستا واتە سەرجەمیان و بەڕێژەی ١٠٠% ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە هیچ دەربارەی ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ نازانن چونکە ستراتیجییەتی نوێیە .

توێژینەوە و ئەدەبیاتەکانیش جەختیان لەمە کردووەتەوە وەکو توێژینەوەی (مرسومي، ٢٠٢٣) ( ئەرکەوازی ، ٢٠٢٤ )

دەکرێت کێشەی توێژینەوەکە لەسەر شێوازی ئەم پرسیارە دابڕێژرێت :

ئایا ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ کاریگەری هەیە لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە لەبابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی و هاوبیریاندا هەیە ؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوە :

پەروەردە ڕێگایەکە بۆ گواستنەوەی بەها و بیروباوەر و زانیاری و داب و نەریت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ، تا بەردەوامی نێوان نەوەکان ئاسان بیت ، ئەمەش پێویستییەکی گرنگە چ لە بواری تاك و کومەڵ و ناکریت فەرامۆش بکرێت. (مە جید و خە لیل، ٢٠٢٣ ل. ٢١٦٠).

زمان ئەوبنچینەیە کە پرۆسەی فێرکردنی پەروەردەیی پشت بەستە پێی چونکە ئەم پرۆسەیە بریتیە لە چالاکی سەرەکی ئامادەکردنی توانا و لێهاتوویە مرۆییەکان و پەرەپێدانیان و سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش بەندە لەسەر کارامەیی پرۆسەی فێرکردن بە تایبەت ناوەرۆکەکەی (پرۆگرامی پەروەردەیی). (زایر وصبا، ٢٠٢٠ ، ل. ٣٣ ) .

زمانی کوردی بە یەکێك لە زمانە هیندوئەوروپییەکان دادەنرێت (موولی ،وعوبێد،2023،ل.2290)، زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە گەشەکردوە زیندەوکی مێژوویەکی دێرینی هەیە، زمانێکە تایبەتمەندی زمانەوانی خۆی هەیە، چوارچێوە و پارێزبەندی و شیاویی و توانای مانەوە و پەرەسەندی هەیە، زمانی کوردی توانای وەرگرتنی دوو ئاراستەی زمانی هەیە، ئاراستەی پێوەلکان، لە داڕشتنی وشەدا پشت بە پێشگر و پاشگر دەبەستێت، هەروەها ئاراستەی هاومانایی، پشت دەبەستێت بە گۆڕینی بونیادی وشە، بۆ گۆڕنی واتا (ئەلکیلانی ،وعوبێد،2023،ل.1980).

تێگەیشتنی خوێندنەوە گرنگە لەبەر ئەوەی بریتییە لە پرۆسەیەکی ژیری کارلێکی لە نێوان خوێندکار و دەقدا بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی ویستراوی خوێندنەوە . ( مەرسوومی و جوامێر ، ٢٠٢٣ ، ل.٢١٨٦).

تێگەیشتنی خوێندنەوە پێگەیەکی گەورەی هەیە لای مرۆڤ لەبەر ئەو ڕۆڵەی کە لە پرۆسەی فێرکردندا هەیەتی،وە پەرەپێدانی بووەتە جێگەی گرنگی زۆرێك لە توێژەران هەربۆیە توێژینەوەکانیان لەسەر

لێهاتووییەکانی و جۆرەکانی ئەنجامداوە هەروەها پەرەپێدانی لای خوێندکاران،بۆیەچەندین ڕاسپاردەیان پێشکەش کردووە کە هاوکاردەبێت لە پەرەپێدانی تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندکاران.(عبید،2018: 57-58).

بۆیە گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندنەوە ئامانجێکی سەرەکیە لە فێربوونی زمانی کوردیدا، فێربوونی گرنگی زۆری هەیە بۆ تاك و كۆمەڵگاكان وئامرازی پەیوەندی تاکە بەوانی ترەوە هەرچەند ماوەی نێوانیان زۆر بێت وبریتیە لەو پاسپۆرتەی تاك گەشتی پێدەکات بەنێوکیشوەرەکاندا وخوێنەر دەکات بەهاوڕێی هەمووزاناکان . (الجبوري ، ٢٠١٣، ل. ٢٨٢).

ستراتیجییەتەکانی وانەوتنەوە بەگشتی ئاسانکاری دەکەن بۆ پرۆسەی فێرکردن ، وە فێرکردنی چالاکیش لە تیۆرە نوێیەکانی فێرکردنەوە سەرچاوەی گرتووە ، فێرکردنی چالاکیش سەرنجی لەسەر فێرخوازدەبێت بەوپێیەی چەقی پرۆسەی پەروەردەیە وهەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی نەرێنی فێرخواز و بە داهێنانی ژینگەی فێرکردنی هاوکار لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری خوێندکاران بۆ زیاتر لە گوێگرتن و ئاسانکاری بۆ بونیاتنانی زانینەکی کە هاوکاری فێرخواز دەبێت لە وەبیرهاتنەوە ( زایر وصبا، ٢٠٢٠ ،ل. ١٢٢) و بەشداریکردنیان لەخوێندنەوە و نوسین وگفتوگۆدا . (Foxفي والقيم2.p، Mckinney،2001 ) ( 4.p ،2003 ،Cordamone&Rue) .

لەم دەروازەیەوە چەندین ستراتیجیەت سەری هەڵدا لەونەش ستراتیجیەتی کۆلۆمبۆ بەوپێیەی ستراتیجیەتێکی نوێیە و دەکرێت بەکاربهێنرێت لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ، و فێرخواز دەکات بە چەقی پرۆسەی فێرکردن، وهاندەرە بۆ هاوکاریکردنی نێوان خوێندکاران وئەمەش ڕۆحی بەشداریکردن وکاری بەکۆمەڵ بەخوێندکاران دەبەخشێت، وە هاوکار دەبێت لە کاراکردنی ئەوخوێندکارانەی کە جوڵەیزیادیان هەیە چونکە پێویستی بە جوڵە وگواستنەوەیە لەناو پۆلدا (زائر واخرون، ٢٠١٥ ، ل. ٣٤٤ ).

**هاوبیریش هەڵبژاردنێکی پەروەردەیی نییە بەڵکو پێویستیەکی پەروەردەییە وناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت لەبەر چەندین هۆکار لەوانەش :**

١- پەرەپێدانی هاوبیری لای خوێندکاران دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی قوڵتر لەناوەڕۆکی بابەتی زانینەکی چونکە فێربوون لەبنچینەدا پرۆسەیەکی بیرکردنەوەیە بەگەڕخستنی بیرکردنەوە لە فێربووندا دەبێتە هۆی گۆڕینی پرۆسەی دەستخستنی زانینەکی لە پرۆسەیەکی خامۆشەوە بۆ چالاکیەکی ژیری تێیدا باشتر ناوەڕۆکی زانینەکی فێردەبێت و ڕەگەزەکانی باشتر پێکەوە دەبەستێتەوە .(p.215 ، 1985، Norris ).

**<u>لێرەوە توێژەر گرنگی توێژینەوەکەی بەم خاڵانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:</u>**

١- گرنگی پەروەردە بەوپێیەی پایەی سەرەکی بونیتنانی نەوەکانە .
٢- گرنگی زمان و بیرکردنەوە ، زمانی کوردیش زمانی بەخشین و داهێنانە.
٣- گرنگی زمانی کوردی بەو پێیەی زمانی فەرمی دوومی نەتەوەییە وپاراستنی ئەرکی سەرشانی لاوانە .
٤- گرنگی خوێندنەوە ، وزانینەکی کە بریتییە لەو سەرچاوەیەی کە لێهاتووییەکانی زمانی لێوە هەڵدەقوڵێت ،و ئەوبنچینەیە کە لقەکانی زمانی لەسەر بونیات دەنرێت، و وەبەرهێنان لە دەقەکانی خوێندنەوە بۆ ڕاهێنان لەسەر بیرکردنەوە .
٥- لێهاتوویی تێگەیشتنی خوێندنەوە ،پرۆسەی ناردن و وەرگرتنە، وکاسەی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەیە.
٦- فێرکردنی بیرکردنەوە لەڕێگەی ناوەڕۆکی زانستیەوە ، کە وەبەرهێنانێکی بە بەرهەمە لەبواری پەروەردەدا.
٧- گرنگی قۆناغی ئامادەیی کە ڕۆڵی دەبێت لە دیاریکردنی ئاراستەکانی خوێندکاران وپسپۆریەکانیان ، وپەرەپێدانی توانای.

## <u>سێیەم: ئامانجی توێژینەوە :</u>

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیجیەتی کۆلۆمبۆیە لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی وهاوبیریاندا.

## <u>چوارەم: گریمانەی توێژینەوە:</u>

- جیاوازی ئاماژەداری ئاماری بوونی نیە لە ئاستی ( ٠.٠٥ ) لەنێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ دەخوێنن بەپێی ستراتیجیەتی کۆلۆمبۆ لەگەڵ ناوەندی نمرەی

خوێندكارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت دەخوێنن بە ڕێگای کۆن لەتاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە .

## پێنجەم: سنووری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوەکەمانەا بەمانەی خوارەوە دیاری دەکرێت :

1- خوێندكارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی خوێندنگا دواناوەندی و ئامادەییە ڕۆژانە حکومیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەی پارێزگای بەغداد ٢٠٢٢- ٢٠٢٣.

2- ژمارەی ئەو بابەتانەی کە بڕیار لێدراون بۆ وتنەوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراقەوە بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٣ -٢٠٢٤) لە وەرزی یەکەمی خوێندن کە ئەوانیش ( زانکۆ ، دایك ، بەغدا ، هەولێر).

3- وەرزی یەکەمی خوێندنی ساڵی ( ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ ) .

## شەشەم:ناساندنی چەمکەكان :

### یەکەم : کاریگەری :

**لەڕووی چەمکەوە هەریەك لەمانەی خوارەوە پێناسەکردووە:**

**إبراهيم :**

**"توانای کارتێکەری بابەتی خوێندن لەبەدیهێنانی ئەنجام بەڵام ئەگەر ئەم ئەنجامە بەدی نەهات ئەوا دەکرێت ئەوکارتێکەرە هۆکاری ڕاستەوخۆی لایەنی نەرێنی بێت " . (ابراهيم، ٢٠٠٩، ل.٣٠).**

**پێناسەی ڕێكاریی شێوەیی کاریگەری:** بریتییە لەگۆڕانی زانینەکی ویستراو کەستراتیجیەتی کۆڵۆمبۆ درووستی دەکات لە ئەنجامی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە وبە تاقیکردنەوەی دەستهات و هاوبریی دەپێورێت کە توێژەر ئامادەی کردووە بۆ ئەم مەبەستە.

### دووەم : ستراتیجیەت :

**لەڕووی چەمکەوە هەریەك لەمانەی خوارەوەپێناسە کردووە:**

**الهاشمي والدليمي :**"بریتیە لە کۆمەڵێك بیرۆکە و بنەما کە بوارێك لە بوارەکانی زانینەکی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتگیر و تەواوکاری دەگرێتەوە بەئاراستەی بەدیهێنانی ئامانج ، پاشان شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو دادەنرێت بۆ زانینی چەندێتی سەرکەوتنی و بەدیهێنانی ئەوئامانجانەی پێشتردیاریکراون". (الهاشمي والدليمي، ٢٠٠٨ ، ل. ١٩).

**پێناسەی ڕێکاری**

**ستراتیجیەت:**

بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێکارو پەراوەکردن کە توێژەر وخوێندکاران پەیڕەوی دەکەن لە بۆچوونی فێرکاریدا، بۆئەوەی پرۆسەی فێرکردن ئاسانتر بێت بۆ گەیشتن بە ئەنجام لەبەر رۆشنایی ئەوئامانجانەی کە توێژەر دایناون لەبابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ.

### سێیەم : ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ:

لە ستراتیجیەتەکانی فێرکردنی چالاکە وهەنگاوەکانی پێك دێن لە پیتەکانی سەرەتای وشەی (Columbo)، بەڵام ئاماژەن بۆ ئەو هەنگاوانەی کە ستراتیجیەتەکە لەسەری کاردەکات. (زائر و اخرون ، ٢٠٢٣ ، ل. ١٠٥ ).

### چوارەم : تێگەیشتنی خوێندنەوە :

**عبد الحميد :**

" پرۆسەیەکی ژیریە بەندە لەسەر ناسینەوەی هێما نوسراوەکان وڕاڤەکردنیان و بەستنەوەیان بە ئاماژەکانیانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی رۆشنبیری مامۆستا ". (عبد الحميد ،٢٠٠٠ ، ل. ١٨٩).

**پێناسەی ڕێكاری تێگەیشتنی خوێندنەوە:**

بریتیە لەو پرۆسە ژیریانەی کە خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە پێی هەڵدەسن لەتێگەیشتن لە واتای ئەودەقەی توێژەر داوای لێکردوون لەڕووی واتای یەکەکان و پێکهاتەکانەوە، و ڕەنگدانەوەی ئەم تێگەیشتنە لە وەڵامدانەوەی خوێندکاراندا (نموونەی توێژینەوەکە) لەتاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوەی کە لەکۆتایی وادەی ئەزموونەکە ئەنجامی دەدەن .

**پێنجەم : بیرکردنەوە :**

العباجي :

(جیلفورد) "پێناسەی کردووە بەوەی یەکێکە لە کارتێکەرەکانی بیرکردنەوە کە پێویستی بە لێهاتووییە بۆ گەیشتن بە چارەسەری نزیکەیی کێشەکان بەبەکارهێنانی پێکهاتە یان زانیاری دەربارەی سروشتی کێشەکان ". (العباجي، ٢٠٠٢ ، ل. ٢٤ ).

**پێناسەی ڕێكاری هاوبیری :**

بریتیە لە کۆمەڵێك لێهاتوویی وا لە خوێندکار دەکات بتوانێت تێبگات لە واتا و هێما و شێوەکان لەسەر شێوەی یەکە و توێژ و دەستحستنی پەیوەندی نێوانیان و ئەم لێهاتووییەش بەو نمرەیە دەپێورێت کە خوێندکار بەدەستی دەهێنێت لەڕێگەی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی هاوبیری کە توێژەر ئامادەی کردووە .

**شەشەم : خوێندنەوەی کوردی نوێ**

خوێندنەوەی کوردی نوێ بریتیە لە پەرتووکی بڕیارلێدراو بۆ وتنەوەی بە خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەهەردوو لقی وێژەیی وزانستیەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣،٢٠٢٤).

**<u>چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەی پێشوو:</u>**

**یەکەم : تیۆری بونیادگەری**

تیۆری بونیا لەو قوتابخانە هزریانە بوو کە لە سەردەمی نوێدا دەرکەوتن وشۆڕشێکیان بەرپاکرد لە توێژینەوە و جێبەجێکردن لە توێژینەوە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان وڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زانینەکی و دەستخستنیان. زۆرینەی کاریگەریەکانیشی لەسەر پەروەردە بووە تاوەکو بوو بە میتۆدێکی فکری و چالاکییەکی پەروەردەیی و دەروازەیەکی پێویست بۆ وانەوتنەوە وە تیۆری بونیادگەری سەرنجی لەسەر ڕۆڵی فێرخواز لەبونیاتنانی زانینەکی و وەکو پرۆسەیەکی داینامیکی خۆگونجێن لێی دەڕوانێت تێیدا ئەزموون یان زانینەکی کارلێك دەکات لەگەڵ زانینەکی پێشوودا لەهزری فێرخوازدا ، ئەزموونی پێشوو تەواو دەکرێت یان هەموار دەکرێت بە ئەزموونی نوێ بەکارلێکی کەسی یان کۆمەڵایەتی کە فێرخوازپێی هەڵدەسێت لە ژینگەی فێرکردندا.( عطیە، ٢٠١٥، ل. ٢٤٦ ).

**دووەم : فێربوونی چالاك**

فێربوونی چالاك دەچێتە چوارچێوەی تیۆری بونیاتنەرانەوە چونکە سەرنجی لەسەر ئەوەیە کە پێویستە فێرخواز چالاك بێت و کۆششی هزری ئەنجام بدات بۆ گەیشن بەدۆزینەوەی زانینەکی لەلایەن خۆیەوە وە بتوانێت ئەزموونەکانی ڕێك بخات . (خیري، ٢٠١٨،ل. ٢٠).

**سێیەم: تێگەیشتنی خوێندنەوە :-**

کورتەیەکی مێژوویی:

تێگەیشتنی خوێندنەوەی بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی گەشەی کردووە لە ساڵی (1800) بەشێوەیەکی تایبەت دەڕوانرا لە تێگەیشتنی خوێندنەوە و بەگشتی لە خوێندنەوە دەڕوانرا کە بریتیە لە دەربڕینی دەنگی دەربارەی دەقی خوێنراو وە دوو لایەن لەخۆ دەگرێت ئەوانیش: (لەبەرکردن و گوێبیست بوون) وە لەساڵی (1917) (لثورندایك)[1] ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو کاتێك توێژینەوەکەی بڵاو کردەوە ئەوتاقیکردنەوەی لەخۆ گرتبوو بەسەر خوێندکاراندا ئەنجامی دابوو وە ئەوهەڵانەی لەخۆ گرتبوو کە خوێندکاران ئەنجامیان دابوو،

([1]) إدوارد لي ثورندايك زانایەکی ئەمریکیە پسپۆڕی زانستی دەروونناسیە ،هاوکار بووە لە گەشەپێدانی سیستمی قوتابخانە ئەمریکیەکان ئەوەش بەداڕشتنی یەکێك لە تیۆرەکانی فێربوونی پەیوەست بە هەلسوکەوتی مرۆڤەوە.

وجەختی کردەوە لەسەر بەکارهێنانی تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بەستێنێکی نوێی سوودبەخشدا. و لە ساڵی (1944) (فریدریك دافیز) بۆچوونی نوێی دەربارەی تێگەیشتنی خوێندنەوە پێشکەشکرد و وتی تێگەیشتن لەو لێهاتووییانەیە شیاوی پێوانە وئەم بۆچوونەی تاوەکو ساڵی (1970) بەردەوام بوو وە ئەم لێهاتووییە دەکرێت گەشە و پەرەی پێ بدرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕێگا و ستراتیجیەتەوە. وە ساڵی (1984) أندرسون وبیرسون بۆچوونێکی نوێیان دەربارەی تێگەیشتنی خوێندنەوە پێشکەشکرد لە ڕێگەی خستنەڕووی تیۆری هێڵکاریە عەقڵیەکانەوە .

تێگەیشتنی خوێندنەوە بریتیە لەخوێندنەوەی دەق بە دروستی وەکو ئەوەی هەیە واتە گرنگی بە واتای ڕاستەوخۆ دەدەین وەکو ئەوەی نوسراوە بەبێ گەڕان بەدوای واتای تر.(جاسم، 2022: 309_310)

## چوارەم: ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ Columbo Strategy

خاوەنی ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ دوتیر جیمس ودلیم دانسارت ( DeRuiter, James and William Wansart) ن

(C-onfused ) من لە قسەکانیان تێناگەم ،هیوادارم بتوانیت هاوکاریم بکەیت (بەقورسی و بەشڵەژاوی و بە نارێکی دەناسێت

(O-pen for help) من لێرەدا پێویستم بەهاوکاریەکی زۆرە. (بەچالاکیەوەبەدوای هاوکاریدا دەگەڕێت)

(L-ook humble and reasonable) هیوادارم چەند ساتێکم پێ ببەخشیت، (باسەکانی تایبەت بە جەختکردنەوە دەربارەی شیاوی لە پاشمەوە بڵێرەوە)

(U - importance stressed ) ئەمە بۆ من گرنگ نیە، بەڵام بێزارم دەکات (ئەوە ڕاستیەکی گرنگە)

(M - ore information) بمبورە، هیچ شتێکی تر نیە، ( دەکرێت دەرەنجامی نا لۆژیکی بختە ڕوو کەهۆکارن بۆ زیادکردنی تاوان)

(B-ait him) بەڵێ ئەمە ڕاستە، بەرگری بکە و ڕەت بکەرەوە کاتێك تاوانکار خۆشی دەر دەبڕێت دەربارەی ڕاستێتی بارێك بەمەبەستی تێبینیکردنی کاردانەوە

(O-ne exact quote ) پرسیاری ورد بکە کە تاوانبارانی پێ دەگیرێت و شڵەژان لە گفتوگۆکانیاندا درووست دەکات دەربارەی کێشەکە

هەنگاوە بەدوای یەکەکان کاتێك هاوسەنگی مامۆستا تێك دەچێت لە ستراتیجیەتی کۆڵۆمبۆ:

1-هەوڵ بدە بونیادی فێرکاری ئێستای خوێندکاران بزانیت لەگەڵ ئەوەی ئەیانەوێت فێری ببن.

2- پێشبینی هەنگاوی داهاتوو بکە و هەوڵ بدە هاوسەنگی خوێندکاران بەپرسیار بشێوێنیت.

3- ڕاستەوخۆ فێریان بکە لەڕێگەی یاریکردن بە چەمکەکان،پاشان خوێندکاران خۆیان فێر دەبن.( قطامي ، 2013 ،ل. 380 ) .

هەگاوەکانی جێبەجێکردنی وانەوتنەوە:

- خستنەڕووی کێشە
- پێکەشکردنێکی ڕێکخراو و چالاك (وێنە، یان گرتەی ڤیدیۆیی، یان ئامرازێکی هاندەر).
- پرسیارکردن، پێداچوونەوە بە بیرۆکەکان و ڕوونکردنەوەیان.
- دوورخستنەوەی وەڵامەجیاواز و هەڵەکان.
- هێشتنەوەی وەڵامە درووستەکان.
- فیدباك. ( زایر واخرون ، 2023 ،ل. 105 ).

## پێنجەم : بیرکردنەوەی هاوبیری :

هاوبیری یەکێکە لە دوو جەمسەرەکەی بیرکردنەوەی بەرهەمهێنەر کە "جلفورد" ئاماژەی بۆ کۆدووە وە جەمسەری دووەم بریتیە لەبیرکردنەوەی جیاوازی (لێك جودا) وە "جلفورد" لەپێش پەنجاکانی سەدەی پێشوو گرنگی داوە بە توێژنەوەی تاقیکردنەوەی عەقڵی وکۆکردنەوەی تواناکان لەتیۆرەکەیدا (بونیادی عەقڵ) و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هاوبیری بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی و کۆنە وبە پەراوەکردنی تاك دەگەیەنێت بە یەك وەڵام . ( أبو حطب وعثمان،1978،ل. 132).

**تەوەری دووەم :توێژینەوەکانی پێشوو :**

**علی ( 2020) عێراق**

زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی بەئاگابە لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندکارانی قۆناغی دووەم لەبەشی زمانی کوردی ، ئەزموونی ، نێر و مێ ، کۆلێج ، 61 ، تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە ،

سەرکەوتنی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.

**میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژەرلەم بەشەداهەڵدەسێت بە خستنەڕووی میتۆد و ئەو ڕێکارانەی پێویستیەتی ،بۆ دڵنیابوونەوە لە ئامانج و گریمانەکانی ،وە توێژەر میتۆدی ئەزموونی لە توێژینەوەکەیدا پەیڕەو کردووە ،لەبەرئەوەی میتۆدی گونجاوە بۆ توێژینەوەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکەی،وە میتۆدی توێژینەوە پشت بەستە بە ڕێکاری زانستی ،کە بە کێشەیەك دەست پێدەکات ڕووبەڕووی توێژەران دەبێتەوە،و وادەخوازێت ئەوهۆکار و بارودۆخانە بزانرێن کە بووەنەتە هۆی بەدەیهاتنیان،ئەوەش لە ڕێگەی ڕێکاری ئەزموونی زانستیەوە. (صابر ومیرفت ، 2002 ، ل.٥٧).

**ڕێکارەکانی تووێژینەوەکە:**

**یەکەم : دیزاینی ئەزموونی :**

هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونی لە یەکەمین هەنگاوەکانە کە دەکەوێتە سەر شانی توێژەران لەکاتی ئەنجامدانی ئەزموونی زانستیدا. (الزوبعي والغنام، 1981، ل .94-95) لەبەر ئەوەی ئەنجامی ورد بە دەستەوە دەدات ولەهەمان کاتیشدا هاوکاری توێژەرانە لە ئاساییکردنەوەی ئەوئاڵنگاریانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە لەکاتی شیکاری ئاماریدا ئەوەش ئاسانکاری دەکات لە بەدەستهێنانی وەڵامی گریمانەکانی توێژینەوەکە . (العزاوي ، 2008 ، ل.118).

توێژەر دیزاینی گرووپی کۆنترۆڵکراوی ناهەرەمەکی لەهەڵبژاردندا پەیڕەو کردووە ،لەبەر گونجاوی لەگەڵ بارودۆخی ئەزموونەکە ،و دیزاینەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

| ز | گرووپ | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشت بەست | تاقیکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەزموونی | ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ | تێگەیشتنی خوێندنەوە<br>هاوبیری | تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە<br>تاقیکردنەوەی هاوبیری |
| 2 | کۆنترۆڵکراو | ——————— | | |

**شێوەی (1)**

**دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

**دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە کارێکی گرنگە لە توێژینەوە پەروەردەییەکاندا، چونکە هاوکار دەبێت لە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی شێوازی زانستی گونجاو . (أبو النيل، 1984 ، ل.20).

کۆمەڵگای توێژینەوەکەش لە قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییە ڕۆژانەکانی کچان پێك دێن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغداد/کەرخی یەکەم کە پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەخۆ دەگرن .

پاش سەردانیکردنی توێژەر بۆ قوتابخانەکە بە نوسراوی ئاسانکاری ئەرك (پاشکۆی 1)، و سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی سەرەوە بەمەبەستی ناسینی قوتابخانە دوناوەندی و ئامادەییەکانی سەر بەو بەڕێوەبەرایەتیە ، بۆی دەرکەوت کە بەڕێوەبەرایەتیەکە قوتابخانەکانی بەسەر

چەندین کەرتدا دابەشکردووە ،ولەم کەرتانەشدا بەمەبەست کەرتی قادسیەی هەڵبژارد، وە پاش سەرنجدانی خشتە و لیستی قوتابخانەکانی کەرتەکە بۆی دەرکەوت کە سێ قوتابخانە لەخۆ دەگرێت کە پۆلی چوارەمی ئامادەیی تێدا بێت، خشتەی (2) ئەوە ڕووندەکاتەوە

**خشتەی (2)**

**قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییە ڕۆژانەکانی کچانی کەرتی قادسیە**

| ز | ناوی قوتابخانە | ژمارەی پۆلەکانی چوارەمی ئامادەیی | ژمارەی خوێندکاران |
|---|---|---|---|
| 1 | دواناوەندی (النبوغ) | 3 | 109 |
| 2 | دواناوەندی (النضال) | 5 | 153 |
| 3 | دواناوەندی (اليرموك) | 7 | 226 |

## سێیەم / نموونەی توێژنەوەکە:

توێژەر بە مەبەست دواناوەندی (النبوغ) ی کچانی هەڵبژاردوە،و پاش ئەوەی بە نوسراوی ئاسانکاری ئەرک سەردانی قوتابخانەکەی کرد ،بۆی دەرکەوت کە سێ پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەخۆ دەگرێت ،و لەنێویاندا دوو پۆلی هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکە بەهەڕەمەکی 1 لقی (أ) ی هەڵبژارد کە ژمارەی خوێندکارەکانی (33) خوێندکار بوون بۆ ئەوەی گرووپی ئەزموونی بنوێنن و بە بەکارهێنانی ستراتیجیەتی کۆلۆمبۆ دەخوێنن،وە لقی (ب) دانرا بۆ ئەوەی گرووپی کۆنترۆڵکراو بنوێنن و ژمارەی خوێندکارەکانی (33) خوێندکار بوون و بە ڕێگای کۆن دەخوێنن،وە توێژەر خوێندکارە دەرنەچووەکانی دوور خستەوە لە ڕووی ئامارکاریەوە ،لەبەر ئەوەی ئەزموونی پێشوویان هەبوو کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە ،لەگەڵ هێشتنەوەیان لەناو پۆلدا لەپێناو پاراستنی سیستمی قوتابخانە،وە ژمارەی خوێندکارە دوورخراوەکان (5) خوێندکار بوون دوو خوێندکار لەگرووپی ئەزموونی و سێ خوێندکار لە گرووپی کۆنترۆڵکراو ،بەوەش ژمارەی گشتی نموونەکە گەیشتە (60) خوێندکار و خشتەی (3) ئەوە روونەدەکاتەوە .

**خشتەی (3)**

**ژمارەی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە پێش و پاش دوورخستنەوە**

| گروپ | ژمارەی خوێندکاران پێش دوورخستنەوە | ژمارەی خوێندکارە دوورخراوەکان | ژمارەی خوێندکاران پاش دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 32 | 2 | 30 |
| کۆنترۆڵکراو | 33 | 3 | 30 |
| کۆی گشتی | 65 | 5 | 60 |

## چوارەم / هاوتاکردنی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە:

توێژەر پێداگر بووە لەسەر هاوتاکردنی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لەڕووی ئامارکاریەوە پێش دەست کردن بە ئەزموونەکە لە چەند گۆڕاوێکدا کە پێی وایە کاریگەر دەبن لە ئەنجامی توێژینەوەکە ،بۆیە توێژەر هەستاوە بە هاوتاکردن لە نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوانەی خوارەوە :

1- تێکڕای گشتی نمرەی ساڵی پێشوو 2022-2023ی پۆلی سێهەمی ناوەندی .
2- تەمەن کە بەمانگ هەژمار کراوە .
3- دەستهاتی خوێندنی دایکان.
4- تاقیکردنەوەی هاوبیری پێشەکی.
5- تاقیکردنەوەی زیرەکی.

**- نمرەی گشتی تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی سێهەمی ناوەندی :**

توێژەر نمرەی ساڵی پێشووی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکەی – پۆلی سێهەمی ناوەندی لە تۆمارەکانی قوتابخانەکەوە بەدەستهێنا کە لە دۆسیەی هەرخوێندکارێکداهەیە پاشکۆی (2) . ناوەندی هەژماری نمرەی گرووپی ئەزموونی گەیشتە (64.66) و ناوەندی هەژماری نمرەی گرووپی کۆنترۆڵکراو گەیشتە (63.99) وخشتەی ( 4 ) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ( 4 )**

**ناوەندی هەژماری و لادانی پێوەری و جیاوازی نمرەی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لە بابەتی زمانی کوردی ساڵی پێشوو لەپۆلی سێهەمی ناوەندی**

| گرووپ | قەبارەی نموونە | ناوەندی هەژماری | جیاوازی | پلەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاماژەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 30 | 64.66 | 66.87 | 58 | 0.325 | 20.21 | ئاماژەداری ئاماری نیي |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 63.99 | 90.88 | | | | |

**2- تەمەن هەژمارکراو بە مانگ :-**

توێژەر تەمەنی خوێندکارانی لە کارگێری قوتابخانەکەوە بە دەستهێنا بە پشت بەستن بە کارتی قوتابخانە ،ولەخودی خوێندکارانەوە (پاشکۆی 3) ئەوە ڕووندەکاتەوە. وە بەهەژمارکردنی ناوەندی تەمەنی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە ،ناوەندی تەمەنی گرووپی ئەزموونی گەیشتە (187.68) وناوەندی تەمەنی گرووپی کۆنترۆڵکراو گەیشتە (185.52) وخشتەی (5) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ( 5 )**

**ناوەندی هەژماری و لادانی پێوەری و جیاوازی تەمەنی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە کە بەمانگ هەژمار کراوە**

| گرووپ | قەبارەی نموونە | ناوەندی هەژماری | جیاوازی | پلەی ئازادی | یەهای تائی | | ئاماژەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 30 | 187.68 | 112.93 | 58 | 0.88 | 2.021 | ئاماژەداری ئاماری نیە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 185.52 | 72.33 | | | | |

**3- دەستهاتی خوێندنی باوکان:**

توێژەر زانیارییەکانی تایبەت بە دەستهاتی خوێندنی باوکانی لە دوو سەرچاوەوە بەدەستهێنا ئەوانیش : کارتی قوتابخانە و ،خودی خوێندکاران لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەسەریاندا دابەشکرا بۆ دڵنیابوونەوە لە درووستی زانیاریەکانی سەر کارتەکە . وە بە بەکارهێنانی کای سکوێر (کا$^2$) ئەنجامەکان دەریانخست کە بەهای (کا$^2$) هەژمارکراو (3.74)ە کە کەمترە لە بەهای (کا$^2$) خشتەیی (5.99)، لەپلەی ئازادی (2)، و ئاستی ئاماژەداری (0.05)دا، ئەمەش واتەهەردوو گرووپەکە هاوتان لەرووی ئامارکاریەوە وخشتەی (6) ئەوە ڕووندەکاتەوە :

**خشتەی ( 6 )**

**دووبارە بووەوەی دەستهاتی خوێندنی باوکانی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە و بەهای کای سکوێر (کا$^2$) هەژمارکراو و خشتەیی**

| گرووپەکان | قەبارەی نموونە | ئاستەکانی دەستهاتی خوێندن | | | | | پلەی ئازادی | بەهای کا2 [2] | | ئاستی ئاماژەدای |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دەخوێنێتەوە و دەنووسێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | بەکالۆریۆس و سەرووتر | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 30 | 1 | 3 | 7 | 4 | 15 | 2 | 3.74 | 5.99 | ئاماژەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 5 | 3 | 4 | 1 | 17 | | | | |

**4- دەستهاتی خوێندنی دایکان :**

توێژەر زانیاریەکانی تایبەت بە دەستهاتی خوێندنی دایکانی لە هەمان سەرچاوەکانی پێشووی باوکانەوە بەدەستهێنا .وە بەبەکارهێنانی کای سکوێر (کای دووجا) ئەنجامەکان دەریانخست کە بەهای (کا$^2$) هەژمارکراو (3.55) کە کەمترە لە بەهای (کا$^2$) خشتەیی کە دەکاتە (5.99) لە پلەی ئازادی (2) وئاستی ئاماژەداری (0.05) ،ئەمەش واتە هەردووگرووپی توێژینەوەکە هاوتان لە دەستهاتی خوێندنی دایکاندا و خشتەی (7) ئەوە ڕووندەکاتەوە .

**خشتەی ( 7 )**

**دووبارە بووەوەی دەستهاتی خوێندنی دایکانی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە و بەهای کای سکوێر (کا$^2$) هەژمارکراو و خشتەیی**

| گرووپەکان | قەبارەی نموونە | ئاستەکانی دەستهاتی خوێندن | | | | | پلەی ئازادی | بەهای کا2 [3] | | ئاستی ئاماژەدای |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دەخوێنێتەوە و دەنووسێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | بەکالۆریۆس و سەرووتر | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 30 | 15 | 1 | 4 | 2 | 8 | 2 | 3.55 | 5.99 | ئاماژەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 10 | 3 | 2 | 3 | 12 | | | | |

(2) توێژەر هەستاوەبەیەکخستنی خانەکانی (دەخوێنێتەوە و دەنووسێتو سەرەتاییلە یەکخانەداو ، وەخانەکانین ( ناوەندی و ئامادەیی) لە یەکخانەداو، لەبەر ئەوەی دووبارە بووەوەی پێشبینیکراو کەمترە لە (5) .

(3) توێژەر هەستاوەبەیەکخستنی خانەکانی (دەخوێنێتەوە و دەنووسێتو سەرەتاییلە یەکخانەداو ، وەخانەکانین ( ناوەندی و ئامادەیی) لە یەکخانەدا، لەبەر ئەوەی دووبارە بووەوەی پێشبینیکراو کەمترە لە (5) .

**5- تاقیکردنەوەی هاوبیری پێشەکی :**

ناوەنـدی هەژمـاری توانـای زمـانەوانی گرووپـی کـۆنتر‌ۆڵکراو گەیشـتە (10.28) ،خشـتەی (8) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**الجدول ( 8 )**

**ناوەندی هەژماری و لادانی پێوەری و جیاوازی تاقیکردنەوەی هاوبیری پێشەکی خوێندکارانی هەردوو گرووپی**

| گرووپ | قەبارەی نموونە | ناوەندی هەژماری | جیاوازی | پلەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاماژەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 30 | 10.92 | 6.75 | 58 | 0.921 | 2.021 | ئاماژەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 10.28 | 7.62 | | | | |

**6- زیرەکی :**

بۆ بەدیهێنانی هاوتایی لە نێوان خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا،توێژەر هەستاوە بە بەکارهێنانی تـاقیکردنەوەی هنمـون- نلسـون بـۆ توانـای عەقڵـی (السـوداني، 2010)، وە تـاقیکردنەوەکە لە (90) برگە پێکهاتبوو لەجۆری هەڵبژاردن،لەسەر شێوەی (وشەی تێك ئـاڵاو، لێکچوولە ڕووی دەربڕین و شێوەوە، ڕیزبەندی دەربڕین، ئاماژەداری دەربڕین و هەژمـاری)، و پـاش ئەنجامدانی پرۆسـەی شیکاری ئامارکاری بۆی (25) برگەی لێ دەرنەچوو،وتاقیکردنەوەکە بوو بە(65) برگە لەکۆتاییدا،هەر برگەیەك(5) جێگرەوەی هەیە و یەکێکیان ڕاستە .(السوداني، 2010:125). خوێندکار بـۆ هەر وەڵامێکـی درووسـت یەك نمرە وەردەگرێـت،هەربۆیە نمـرەی بـاڵای تـاقیکردنەوەکە بـریتیە لە(65) ،وە کەمتـرین نمـرەش (سـفر) ە ، پاشکۆی (5) ئەوە ڕووندەکاتەوە لەگەڵ کلیلی وەڵامدانەوە (پاشکۆی(6) .

پاساوەکانی بەکارهێنانی ئەم تاقیکردنەوەیە بریتین لە :

- تـاقیکردنەوەکە گونجـاوە بـۆ ژینـگەی عێـراق و قۆنـاغی ئامـادەیی،لە لایەن تـوێژەر السـوداني (2010)لەنامەی ماستەر بەناونیشـانی (ئامـادەکردنی تـاقیکردنەوەی هنمـون - نلسـون بـۆ توانـای عەقڵی بەپێی تیۆری تایبەتمەندیە شاراوەکان بە بەکارهێنانی نموونەی ڕاش بۆ قۆناغی ئامادەیی).
- تـاقیکردنەوەکە تایبەتمەنـدی سـایکۆمەتری لەخـۆ دەگرێـت ة (ڕاسـتێتی و جێگیری)،سـەرەڕای بەکارهێنانی لە چەندین توێژینەوەی پێشووتردا .

بـۆیە تـوێژەر تـاقیکردنەوەکەی بەسـەر خوێنـدکارانی هەردووگرووپـدا جێبەجێکـرد، وپـاش شـیکاریکردنی زانیاریەکـان ،وهەژمـارکردنی ناوەنـدی نمـرەی هەر گرووپێـك ،(پاشکۆی 7) ناوەنـدی نمـرەی گرووپـی ئەزموونی گەیشتە (26.81)، لەکاتێکدا ناوەندی نمرەی گرووپی کۆنترۆڵکراو گەیشتە (26.16)، وە لەکاتی هەژمارکردنی جیاوازی نێوان هەردووناوەندەکەدا ،دەرکەوت کە ئامـاژەداری ئامـاری نیە،کە بەهـای تـائی هەژمارکراو گەیشتە (0.386) و کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی کە دەکاتە (2.021) لە ئاستی ئاماژەداری (0.05)، وپلەی ئازادی (58)، واتە هاوتـایی هەردووگرووپـی تـوێژینەوەکە لە گـۆڕاوی زیرەکیدا،خشـتەی (9) ئەوە ڕووندەکاتەوە .

**خشتەی (9)**
**ناوەندی هەژماری و لادانی پێوەری و جیاوازی تاقیکردنەوەی زیرەکی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە**

| گرووپ | قەبارەی نموونە | ناوەندی هەژماری | جیاوازی | پلەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاماژەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ائەزموونی | 30 | 26.81 | 57.69 | 58 | 0.386 | 2.021 | ئامماژەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 26.16 | 38.57 | | | | |

**پێنجەم : کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکیەکان (نا ئەزموونیەکان) :**
لەگەڵ گەشەی زانستی پەروەردەیی و دەروونی و هەوڵیان بۆ گەیشتن بە زانستە سرووشتیەکان لەڕووی وردی ڕێکارەکانەوە ،و بەربڵاوی بەکارهێنانی میتۆدی ئەزموونی لەم بوارەدا بەڵام پسپۆڕانی ئەم بوارە درك بە قورسی جیاکردنەوەی لەڕووی ئامارکاریەوە لەگۆڕاوە دەرەکیەکان ،توێژەرپێداگربووە لە دیاریکردنی گۆڕاوە دەرەکیەکان
(نا ئەزموونییەکان) کەپێی وایی کاریگەریان دەبێت لەسەر سەلامەتی وکۆنترۆڵکردنی ئەزموونەکە و کۆنترۆڵکردنی ، کە لەوانەیە ببنە هۆی لاوازی وردی لەئەنجامەکاندا ،چونکە کۆنترۆڵکردنی دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئەنجامی ورد . (الزوبعي والغنام ، 1981 ، ل.95). لەوکارتێکەرانەش ئەمانەی خوارەوەن:
**أ- ڕووداوە هاوکاتەکان :**
هیچ ڕووداوێك کە شایەنی باس بێت رووبەرووی توێژینەوەکە نەبوویەوە ببێتەهۆی ئاستەنگی لەپێش ئەنجامدانیدا ،کە کاریگەری هەبێت لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ و گۆڕاوی ئەزموونی.
**ب- جیاوازی لەهەڵبژاردنی نموونە:**
توێژەر توانی بەسەر کاریگەری ئەم کارتێکەرەدا زاڵ بێت لەڕێگەی هەڵبژاردنی هەرەمەکیەوە بۆ نموونەکە و پرۆسەکانی هاوتاکردنی ئامارکاری لەنێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکەدا لەتێکرای نمرەی پۆلی سێهەمی ناوەندی و تەمەن کە بە مانگ هەژمار کراوە ودەستهاتی خوێندنی دایباب و تاقیکردنەوەی هاوبیری و تاقیکردنەوەی زیرەکی.
**ج- پرۆسەکانی پەیوەست بە پێگەیشتنەوە :**
واتە ئەوگۆڕانکاریانەی کەبەسەر کەسانی ناو ئەزموونەکەدا دێت جا چی بایۆلۆجی یان دەروونی یان عەقڵی بێت،بەجۆرێك کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی هەبێت لەسەر ئەزموونەکە، وە لەبەر ئەوەی ئەزموونەکە لە یەك کاتی دیاریکراودا ئەنجام دراوە بۆیە ئەم کارتێکەرە کاریگەری نەبووە.
**د- لادانی ئاماری:**
مەبەست لێی نمرە ناجێگیرەکانە لە دەرەنجامی پرۆسەی پێوانەوە،و ئارەزووی بۆ خواربوون بەرەو ناوەندی بەهای جێگیر،واتە پاش هەژمارکردن هەندێك لە نمرەکان لە دەوری ناوەندی هەژماری جێگیر دەبن بەهۆی ناجێگیریانەوە ،سەبارەت بەم توێژینەوەیە خوێندکارانی ڕوبەڕووی کاریگەری ئەم کارتێکەرە نەبوونەوە،بەهۆی ڕێگای هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەوە،سەرەڕای ئەنجامدانی هاوتاکردن لە نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکە.
**هـ- لێکهەڵوەشانی ئەزموونی :**
ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی لێك هەڵوەشانی ئەزموونی نەبوویەوە کەمەبەست لێی " وازهێنان یان دابڕان یان گواستنەوەیە لە قوتابخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر " . (الصالحي، 1972، ل.63).
**- کاریگەری ڕێکارە ئەزموونیەکان :**

توێژەر هەوڵی داوە کاریگەری هەندێك لە ڕێکارە ئەزموونیەکان دیاری بکات کە دەکرێت کاریگەر بن لەسەر بەڕێوەچوونی ئەزموونەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- نهێنی بوونی توێژینەوەکە :

توێژەر لەگەڵ کارگێری قوتابخانەکەدا ڕێککەوت بەوەی پێویستە توێژینەوەکە بە نهێنی بەڕێوە بچێت،وخوێندکاران ئاکادار نەکرێنەوە لە سرووشت و ئامانجەکانی توێژینەوەکە و بەوە ئاگاداربکرێنەوە کە مامۆستایەکی نوێیە بۆ قوتابخانەکە ئەوەش لەپێناو ئەوەی خوێندکاران بە سرووشتی خۆیان مامەڵە لەگەڵ توێژینەوەکەدا بکەن بۆئەوەی کاریگەری نەبێت لەسەر سەلامەتی و وردی ئەنجامەکانی.

2- بابەتی خوێندن :

توێژەر یەك بابەتی بە هەردووگرووپی توێژینەوەکە وتەوە لەچوارچێوەی پرۆگرامی بڕیارلێدراو بۆ خوێندن ئەوانیش سێ بابەتی خوێندنەوە بوون لە پەرتووکی زمانی کوردی نوێدا کە بڕیار لێدراوە بۆ وتنەوەی بە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی 2023-2024 .

**خشتەی ( 10 )**

**خشتەی دابەشکردنی بەشەوانە بۆ وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی بەهەردووگرووپی توێژینەوەکە هەفتانە**

| گرووپ | ڕۆژ | کات | وانە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | دووشەمە | 8.45 | دووەم |
| کۆنترۆڵکراو | دووشەمە | 9.35 | سێهەم |

5- ئامرازە فێرکارییەکان :

توێژەر ئامرازەفێرکاریە باوەکانی بەکارهێناوە (تەختەی سپی، قەڵەم ماجیك بۆردی ڕەنگاو ڕەنگ) لەگەڵ هەردووگرووپدا .

6- ئامرازی پێوان :

توێژەر دوو ئامرازی لێکچووی بەکارهێناوە بۆ پێوان ئەوانیش تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە وتاقیکردنەوەی هاوبیری بۆ پێوانی هەردووگۆڕاوی پاشکۆی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لە بابەتی زمانی کوردیدا.

7- بینای قوتابخانە :

توێژەر ئەزموونەکەی لەیەك قوتابخانەدا ئەنجامداوە وە لە پۆلی هاوشێوەدا لەڕووی ڕووبەر و ڕووناکی و هەواگۆڕینەوە ،و ژمارەی کروسی و جۆر و قەبارەیانەوە .

8- ماوەی ئەزموونەکە :

ماوەی ئەزموونەکە بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوەکە یەکسان و وەك یەك بوو کە لەڕۆژی دووشەمە بەرواری 2023/10/2 دەستی پێکرد و لە ڕۆژی دووشەمە بەرواری 2024/1/15 کۆتایی پێهێنرا.

**شەشەم: پێداویستیەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە پێویستی بەم ڕێکارانەی خوارەوەیە :

أ- دیاریکردنی بابەتی زانستی .

ب- داڕشتنی ئامانجە ڕەفتاریەکان .

ج- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە .

**أ- دیاریکردنی بابەتی زانستی :-**

توێژەر هەستاوە بە دیاریکردنی ئەو بابەتە زانستیەی کە لەماوەی ئەزموونەکەدا دەیڵێتەوە ئەوانیش سێ بابەت بوون بەپێی یەکەکانی بابەتی زمانی کوردی بڕیارلێدراو بۆ وتنەوەی بەپۆلی چوارەمی ئامادەیی بۆساڵی خوێندنی 2023-2024،کە لەخشتەی (11)دا ڕوونکراوەتەوە .

**خشتەی (11)**

**بابەتە بڕیار لێدراوەکان بۆ ئەزموونەکە**

| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | دایك | 103 |
| 2 | بەغدا | 106 |
| 3 | هە ولیر | 116 |

**ب- داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان :-**

ئامانجە ڕەفتارییەکان پێویستیەکی هەر پرۆسەیەکی زانستیە ، وە بریتییە لە ڕێنویی کاری توێژەر لەکاتی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە وە دەستهاتی زانستیە یان ڕەفتاری کۆتاییە کە وتنەوەی بابەتێکی فێرکاری دیاریکراو بەدی دەهێنێت.. (قطامي واخرون ، 2003 ، ل.99).

پاش ئەوەی توێژەر سەرنجی ئامانجە گشتیەکانی وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی داو ئامانجە ڕەفتاریەکانی داڕشت بە پشت بەستن بەناوەڕۆکی ئەوبابەتانەی کە لە ئەزموونەکەدا دەوترێنەوە وبەسەر ئاستەکانی ڕیزبەندی بلوم Bloom دا دابەشکراون ، وە ئامانجە ڕەفتاریەکان بەشێوە سەرەتاییەکەی گەیشتە (37) ئامانجی ڕەفتاری کەبەسەر هەر سێ یەکەم ئاستەکانی ڕیزبەندی بلۆمدا دابەشکراون (وەبیرهاتنەوە، وتێگەیشتن، و جێبەجێکردن).

**حەوتەم : هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە:**

أ- ئامادەکردنی ئامرازی سەرەتایی توێژینەوەکە (تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە):

تاقیکردنەوە بریتیە لە ئامرازێکی ڕێکخراو ئامانجی پێوانی زۆرێك لەگۆڕاوە خوازراوەکانە لە ڕەفتاری فێرخوازاندا. (ابو علام ، 1987 ، ل.136) تاقیکردنەوەکانیش گرنگیەکی زۆریان هەیە چونکە ئامرازی هەرە باوە بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندکاران ، چونکە چەندێتی بەدیهاتنی ئامانجەکانی بابەتەکە دەردەخات. (القلا ویونس ، 2003 ، ل.257)

لە پێداویستەیکانی توێژینەوەکە دانانی تاقیکردنەوەیەکە بۆ پێوانی تێگەیشتنی خوێندنەوە وە بۆ ئامادەکردنی ئەم تاقیکردنەوەیە توێژەر ئەمانەی خوارەوەی پەیرەوکردووە :

- هەڵبژاردنی بابەتێکی خوێندنەوەی گونجاو
- داڕشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە
- ڕستێتی تاقیکردنەوە
- دیاریکردنی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە
- جێبەجێکردنی سەرەتایی تاقیکردنەوەکە
- جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە

1- هەڵبژاردنی بابەتێکی خوێندنەوەی گونجاو:

ئامانج لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە بریتیە لە پێوانی چەندێتی دەستهاتی خوێندکاران لەم لایەنەوە بەپێی خواستی پرۆگرامی زانستی ،وە لە کۆتایی هەر پۆلێکدا گریمانەی ئەوە دەکرێت کەخوێندکار بتوانێت دەقێکی شیاو بە پۆلەکەی بخوێنێتەوە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاری عەقڵی هەر لە زانینی واتای وشەکانەوە تاوەکو زانینی بیرۆکەی گشتی دەقەکە و ئاماژەکردن بۆ هەندێك وردەکاری ،و درکپێکدرنی پەیوەندی نێوان بەشەکانی دەقەکە.

وە لەبەر ئەوەی ئەم تـوێژینەوەیە وای دەخواسـت دەقێـك هەڵبژێردرێـت بـۆ تـاقیكردنەوەی خوێنـدكارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەكە ،توێژەر سێ دەقی خوێندنەوەی پێشنیار كرد لە پەرتووكی زمانی كوردی پۆلی چوارەمی ئامادەیی كە خوێندكارانی نموونەی توێژینەوەكە نەیان خوێندبوو، خستیەڕوو بۆ كۆمەڵێك شارەزا و داوەری ڕێگاكانی وانە وتنەوە و زانستی دەروونی و پەروەردەیی (پاشكۆی 9) بۆ هەڵبژاردنی ئەودەقەی بەگونجاوی دەزانن ،بۆ دانـانی تـاقیكردنەوەی تێگەیشـتنی خوێندنەوە (پاشكۆی 11) ،وە پاش شیكاریكردنی وەڵامی شـارەزایان دەركەوت كەدەقی (جەژنـی نەورۆز) هەڵبژێـردراوە،وە ئەم بابەتە ڕەزامەندی (80%) ی شارەزایانی لەسەر بوو.

**2- داڕشتنی بڕگەكانی تاقیكردنەوەكە:**

ئامادەكردنی تـاقیكردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە پێویستی بە بەكارهێنـانی پرسیاری جۆراو جۆر هەیە، وەكـو پرسـیاری بـابەتی كە والە خوێنـدكار دەخوازێـت لە نێوچەنـدین وەڵامـدا یەكێكیـان هەڵبژێرێـت ،وە پرسیاری خودی كە وا دەخوازێت بە دەربڕینەكانی پرسیارەكەدا وەڵام بدرێتەوە وە ئەگەر یەك جۆر پرسیار بەكاربهێنرێت ئەوا ڕاستێتی لەدەست دەدات .(دویت وبیتر،2005، ل.٨٢ ).

**3- ڕاستێتی تاقیكردنەوە :**

دروستی تاقیكردنەوە بریتییە لە توانای پێوانی ئەوەی لەپێناویدا دانراوە (الجبوري،2013، ل.168), تـوێژەر پشت بەست بووە بە ڕاستێتی ڕووكەش بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستێتی تاقیكردنەوەكە .وە خستوویەتیە بەردەست كۆمەڵێك لە پسپۆڕانی ڕێگاكانی وانەوتنەوە ،وزانستی پەروەردەیی و دەروونناسی(پاشكۆی 9) ،بـۆ زانینـی تێبینیان دەربارەی شیاوی بڕگەكانی تاقیكردنەوەكە،و لەبەر ڕۆشنایی تێبینیە بە پێزەكانیاندا تـاقیكردنەوەكە بە (35) بڕگە مایەوە .

**4- دیاریكردنی ڕێنماییەكانی تاقیكردنەوەكە:**

توێژەر ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەی داناوە :

أ. خوێندنەوەی بابەتەكە بە باشی و لەسەر خۆیی پێش دەستكردن بە وەڵامدانەوە .
ب. خوێندنەوەی هەر پرسیارێك بە وردی پێش ئەوەی وەڵامی بدرێتەوە .
ت. هەڵبژاردنی تەنها یەك وەڵام لە نێو هەڵبژاردنەكاندا .
ث. پێویستە خوێنـدكار هێمـای بـازنە (O) بكێشـێت بەدەوری ئەوپیتـەی كەپێـی وایە وەڵامـی گونجـاوە لە پرسیاری یەكەمدا.

**5- جێبەجێكردنی سەرەتایی تاقیكردنەوەكە :**

توێژەر هەستاوە بە جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەی تێگەیشتنی خوێنـدنەوە بەسـەر نمـوونەیەكی سـەرەتایی كە لە (20) خوێندكار پێكهاتبوو لە خوێندكارانی دواناوەندی اليرموك ی كچان بەئامانجی زانینی كاتی پێویست بـۆ تـاقیكردنەوەكە ،وزانینـی چەنـدێتی ڕوونـی بڕگەكـانی،وە پـاش جێبەجێكردنـی تـاقیكردنەوەی تێگەیشـتنی خوێندنەوە بەسەر نموونەیەكی سەرەتایی ، توێژەر كاتی هەر خوێندكارێكی تۆمار كرد ،بـۆ هەژمـاركردنی كاتی پێویسـت بـۆ وەڵامـدانەوەبۆی دەركەوت كە ناوەنـدی كـاتی وەڵامـدانەوەی هەر خوێنـدكارێك بـریتیە لە (42) خولەك كەكاتی تاقیكردنەوەی كۆتاییشە.

**6- تاقیكردنەوەی سەرەتایی دووەم- شیكاریكردنی بڕگەكانی تاقیكردنەوەكە**

شیكاریكردنی یەكەكانی تاقیكردنەوەكە گرنگە بۆ باشتر كردنی تاقیكردنەوەكە چونكە شـێوازێكی ڕێكخـراوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دیاریكراوی پەیوەست بە هەر یەكەیەكی تـاقیكردنەوەكە ئەم زانیاریـانەش دەكرێـت سوودیان لێوەربگیرێت لە دیـاریكردنی یەكە ئـاڵۆز و ئـاوێتە و ناكاراكاندا،بەمەبەستی پێداچوونەوەیان یـان دوورخستنەوەیان،و هێشـتنەوەی باشـترین یەكەكـان بـۆ تـاقیكردنەوەی كۆتـایی ،هەروەهـا بەسـوودە بـۆ مامۆستایان لە زانینی قورسی فێربـوونی خوێنـدكارانیان بەمەبەسـتی چارەسـەركردنی. (عـلام ،2006، ل. 112).

## هەشتەم : جێبەجێكردنی ئەزموونەكە :-

لەكاتی جێبەجێكردنی ڕێكارەكاندا توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی گرتە بەر:

1- جێبەجێكردنـی ئەزمـوونەكە: پـاش تەواوبـوونی پێداویسـتیەكانی بەڕێوەچـوونی ئەزمـونەكە و بەدیهێنـانی هاوتـایی ودیـاریكردنی بـابەتی زانستی توێژەر هەستا بەجێبەجێكردنـی ئەزمـووونەكە

بەسەر خوێندکارانی هەردووگرووپی توێژینەوەکە لەبەرواری 2023/10/2، بە وتنەوەی دوو وانە بە هەردووگرووپی توێژینەوەکە لە نیوەی یەکەمی ساڵی خوێندنی 2023-2024، وە ئەزموونەکە لە بەرواری 15/ 1/ 2024 کۆتایی پێهێنرا.

2- توێژەر وانەی بەگرووپی ئەزموونی وتەوە بەپێی ستراتیجیەتی کۆڵۆمبۆ وە وانەی بەگرووپی کۆنترۆڵکراو وتەوە بەپێ ڕێگای کۆن بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕاوی سەربەخۆ.

3- جێبەجێکردنی هەردووئامرازی توێژینەوەکە : توێژەر پێش هەفتەیەك خوێندکارانی بە ڕۆژی تاقیکردنەوەکە ئاگادار کردەوە ، بۆئەوەی هەردوو گرووپەکە خۆیان ئامادە بکەن،وە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە لەبەرواری 2024/1/14 بەسەر هەردووگرووپی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا ، و لەڕۆژی دواتردا 2024/1/15 تاقیکردنەوەی هاوبیری جێبەجێکرد، لە یەك کاتداو لەکاتژمێر (8.45).

4- ڕێگای ڕاستکردنەوەی هەردوو تاقیکردنەوەکە : توێژەر هەردووتاقیکردنەوەکەی بەپێی ئەوڕێنماییانە ڕاستکردەوە کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا .

## نۆیەم : ئامرازە ئامارکاریەکان :

توێژەر پرۆگرامی (SPSS) بەکارهێنا بەپشت بەستن بەم ئامرازانەی خوارەوە:

1- تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (T-test)
2- هاوکۆلکەی الفا کرومباخ
3- هاوکۆلکەی ئاستەنگی بڕگەکان
4- هاوکۆلکەی جیاکەرەوەی بڕگەکان
5- کارایی جێگرەوەکان
6- هاوکۆلکەی کای سکوێر

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم- خستنەڕووی ئەنجامەکان:

ئەم بەشە خستنەڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان لەخۆدەگرێت ، توێژەر لەڕێگەی دووگریمانەی سفریەوە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو :

گریمانەی سفری یەکەم:

(جیاوازی ئاماژەداری ئاماری بوونی نیە لە ئاستی ( ٠.٠٥ ) لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ بە (ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ) دەخوێنن، لەگەڵ ناوەندی نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تێگەیشتنی خوێندنەوەدا).

### دووەم – ڕاڤەی ئەنجامەکان:

1. ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ دەروازەیەکی نوێیە بۆ گواستنەوەی خوێندکاران لە باری وەرگرتنەوە بۆ بەشداری کارا و چالاك ، وە ڕۆڵی کارایان پێ دەبەخشێت لەناو پۆلدا .
2. بەکارهێنانی ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ هاندەری خوێندکاران بووە بۆ بەدواداچوونی ورد ،ئەوەش لەڕێگەی گەڕان و بەدواداچوون و دۆزینەوە و گفتوگۆوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.
3. بەکارهێنانی ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ ئازادی بەخوێندکاران دەبەخشێت بەجۆرێك توانای بیرکردنەوە و گەیشتن بە وەڵامی ئامانجداریان پێ بەخشین بەبێ ترس بەهۆی پشت بەستنیان بە چالاکی و ئەزموونی خۆیانەوە کە لە هزری خوێندکاراندا دەمێننەوە.

## سێیەم : دەرەنجامەکان :

1- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ لەوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا هاوکاری خوێندکاران بووە لە گەشەی ئارەزووی گەڕان و بەدواداچوون .

2- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی کۆڵۆمبۆ لەوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا چالاکی زیاتر و ئارەزووی بەشداریکردن لەوانە و گیانی هاوکاری بەخوێندکاران بەخشی لەکاتی وانە وتنەوەدا.

3- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی کۆلۆمبۆ لەوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا هاوکاری مامۆستا دەبێت لە دانانی پلانی بەهێز لەڕووی (زانینەکی – فێرکاری – جێبەجێکردن – هەڵسەنگاندنەوە)

## چوارەم : ڕاسپاردەکان :

1. پێویستی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی کۆلۆمبۆ لە فێرکردنی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییدا ، لەبەر ئەوەی ئەم ستراتیجیەتە لەجێبەجێکردندا ئاسانە بۆ مامۆستاو خوێندکارانیش، وە لەبەر ئەو ئەنجامە ئەرێنیانەی لەم توێژینەوەیەدا دەری خستوون .
2. پشت بەستن بە ستراتیجییەتی کۆلۆمبۆ لەبەرئەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی لای خوێندکاران خۆشەویست دەکات.
3. چاوخشاندنەوە بە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی نوێ ی قۆناغی ئامادەیی بەجۆرێك لەگەڵ بەکارهێنانی ستراتیجییەتی کۆلۆمبۆدا بگونجێت.
4. ڕاهێنانی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ بەکارهێنانی ستراتیجیەتی کۆلۆمبۆ لە خولی ڕاهێنان و پەرەپێدانا

## پێنجەم : پێشنیارەکان :

توێژەر ئەم پێشنیارانەی خوارەوەی هەیە :

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بۆ ستراتیجییەتی کۆلۆمبۆ بۆ دەرخستنی کاریگەری لە دەستخستنی چەمکە ڕێزمانیەکان.
2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بۆ ستراتیجییەتی کۆلۆمبۆ بۆ دەرخستنی کاریگەری لە پەرەپێدانی لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.
3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بۆ ستراتیجییەتی کۆلۆمبۆ لە بابەتی تردا.

- **سەرچاوەکان:**
- **سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**


- موولی،ئەحمەدعەبدولکەریم،وعوبێد،کەوسەرجاسم.(٢٠٢٣).کاریگەری ستراتیژیەتی پرسیار گۆڕینەوەی ئاراستەکراو لەسەر دەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکانی بابەتی خویندنەوە و ئەدەبی کوردی لەلای فیرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و ئراستەیان بەرەو ***بابەتەکە.گۆڤاری(الاستاذ) بۆ زانستە مرۆڤایتی و کۆمەڵایەتییەکان،٦١(٤)، ٢٢٨٧-٢٣١٨ .***
- مەجید ، هێمن عەدنان ، و خەلیل ، سەباح . ( ٢٠٢٣ ) . کاریگەریی ستراتیژیەتی چوار گۆشەیی لەسەر دەستکەوتنی بابەتی ڕێزمان و ئەدەبی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی. ***گۆڤاری الأستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان ، ٦٢ (٢) ، پاشکۆی(١) ، ٢١٥٩-٢١٨١ .***
- مەرسوومی ، مەرسوومی حامد عەبد .(2023 ).***کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ئاماژەکانی بەستێن لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا*** ، [نامەی ماستەری کە بڵاو نەکراوەتەوە] ، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد ، زانکۆی بەغداد .
- مەرسوومی ، مەرسوومی حامد عەبد ، و جوامێر ، عەلی داوود . ( ٢٠٢٣ ) . کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ئاماژەکانی بەستێن لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لای قوتابیانی پۆلی

پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا. ***گۆڤاری الأستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان*** ، ٦٢ (٢) ، پاشکۆی(١) ، ٢١٨٣-٢٢٠٤ .

- ئەرکەوازی ، ئاشتی عەبدولحەمید عەبدولمەجید .(2024). ***کاریگەریی ستراتیژییەتی واتای وشە لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیی خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی***، [نامەی ماستەری کە بڵاو نەکراوەتەوە]، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد ، زانکۆی بەغداد .
- ئەلکیلانی،سەباعیسا فەرەج،و عوبێد،کەوسەر جاسم.(٢٠٢٣). کاریگەری *ستراتیژیەتی ڕافت (RAFT) لەبەدەستهێنانی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لەلای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی زانستی*.***گۆڤاری ( الاستاذ)بۆ زانستە مرۆڤایەتیی وکۆمەڵایەتییەکان***، ٦٢(١)،١٩٧٨-٢٠٠٣.
- **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**
- إبراهيم مجدي عزيز. (2009) . ***معجم مصطلحات ومفاهيم التعليم والتعلم*** ، عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة، القاهرة .
- أبو النيل ، محمود السيد .(1984). ***الإحصاء النفسي والاجتماعي والتربوي*** ، ط4 ، مطبعة الخانجي ، القاهرة.
- أبو حطب، فؤاد وعثمان،السيد احمد.( 1978). ***القدرات العقلية***،ط2،القاهرة،مكتبة الانجلو المصرية.
- أبو علام ، رجاء محمود .(1978). ***قياس وتقويم التحصيل الدراسي*** ، ط1 ، دار القلم للنشر والتوزيع ، الكويت.
- أركاوازي، أشتي عبد الحميد عبد المجيد (2024). ***أثر استراتيجية معنى الكلمة في الفهم القرائي لمادتي اللغة والأدب الكردي لدى طلبة الصف السابع*** [رسالة ماجستير غير منشورة]، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.
- اسماعيل ، بليغ حمدي.(2013). ***استراتيجيات تدريس اللغة العربية اطر نظرية وتطبيقات عملية***، دار المناهج للنشر والتوزيع ، عمان .
- جاسم، وسن عباس(2022). فاعلية برنامج قائم على استراتيجيات القرائية في تنمية مهارات الفهم القرائي والتفكير المنتج لتلامذة الصف الخامس الابتدائي. ***مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والإجتماعية***، المجلد(61)، العدد(2)، 383-409.
- الجبوري، حسين محمد جواد.(2013). ***منهجية البحث العلمي مداخل لبناء المهارات البحثية***، ط1، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
- خيري ، لمياء محمد امين .(2018). ***التعلم النشط*** ، جامعة عين شمس ، مؤسسة مسيطرون للطباعة والنشر ، القاهرة .

- دويت، إليود وبيتر ديفيدسون.(2005). ***توجيهات لإعداد اختبار فهم المقروء***، ترجمة ، خالد عبد العزيز الدامغ، جامعة الملك سعود، الرياض، المملكة العربية السعودية.
- زاير، سعد علي، واخرون .(2023). ***الموسوعة التعليمية المعاصرة***، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
- زاير، سعد علي، وصبا حامد حسين .(2020). ***معايير الجودة وتحسين تدريس اللغة العربية***، الدار المنهجية للنشر والتوزيع، عمان.
- زاير، سعد علي، وضياء عبد الله احمد، ورحيم علي صالح، وحسن خلباص حمادي.(2015). ***المشاهدة الصفية والتطبيق العملي لطلبة اقسام اللغة العربية***، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
- الزوبعي ، عبد الجليل إبراهيم ، ومحمد أحمد الغنام .(1981). ***مناهج البحث في التربية***، ج1، مطبعة جامعة بغداد .
- السوداني، لقاء خلف شامل.(2010). ***إعداد اختبار هنمون-نلسون للقدرة العقلية على وفق نظرية السمات الكافة باستخدام نموذج راش للمرحلة الإعدادية*** ، [رسالة ماجستيرغير منشورة] ، جامعة بغداد، كلية التربية (ابن رشد).
- صابر ، فاطمة عوض ، وميرفت علي خفاجة .(2002). ***أسس ومبادئ البحث العلمي***، ط1 ، مكتبة الإشعاع الفنية، مصر.
- الصالحي ، إبراهيم هاشم .(1972). ***تأثير بعض الطرائق التدريسية في تحصيل تلاميذ الصف السادس*** ، جامعة بغداد ، كلية التربية ، بغداد.
- الظاهر ، زكريا محمد وآخرون .(1999). ***مبادئ القياس والتقويم في التربية*** ، دار الثقافة والتوزيع ، الأردن .
- العبايجي، محمود .(2002). ***الأداء اللغوي*** ، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية ، دمشق.
- عبد الحميد، عبد الحميد عبد الله . (2000). فعالية استراتيجية معرفية معينة في تنمية بعض مهارات العليا للفه في القراءة لدى طلبة الصف الأول الثانوي . ***مجلة القراءة والمعرفة، ديسمبر العدد الثاني الجمعية المصرية للقراءة والمعرفة كلية التربية*** ، جامعة عين شمس، 141-191.
- عبيد، رنا سالم(2018). أثر القراءة الجماعية على القراءة الاستيعابية لطلبة المدارس المتوسطة لدارسي اللغة الانكليزية في العراق. ***مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والإجتماعية***، المجلد(61)، العدد(224)،53-66.
- العزاوي ، رحيم يونس كرو .(2008). ***مقدمة في منهج البحث العلمي*** ، ط1 ، دار دجلة ، عمان.

- عطية ، محسن علي .(2015). ***البنائية وتطبيقاتها استراتيجيات تدريس حديثة*** ، دار المنهجية للنشر والتوزيع ، عمان .
- علام ، صلاح الدين محمود .(2006). ***القياس والتقويم التربوية في العملية التدريسية***، ط2، دار المسيرة للطباعة، عمان .
- علام، صلاح الدين محمود .(2000). ***الاختبارات والمقاييس التربوية والنفسية***، ط1، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان ،الأردن .
- علي، ژيان عبد الكريم. (2020). أثر استراتيجية كن يقظاً في الفهم القرائي عند طلبة المرحلة الثانية في قسم اللغة الكردية. ***مجلة الآداب***، ***العدد (ع) ١٣٢ ، ص ١ - ١٨ .***
- قطامي ، يوسف محمود .(2013). ***استراتيجيات التعلم والتعليم المعرفية*** ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان .
- قطامي ، يوسف وآخرون .(2003). ***أساسيات تصميم التدريس*** ، ط2 ، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان .
- القلا ، فخر الدين ، ويونس ناصر.(2003). ***أصول التدريس*** ، ج2، منشورات جامعة البعث .
- الكيلاني، سبايسة فرج، وعبيد، كوثر جاسم (2023). تأثير استراتيجية RAFT في اكتساب القراءة والأدب الكردي لدى طلاب الصف الخامس، ***مجلة المعلم للعلوم الإنسانية والاجتماعية***، 62(1)، 1978-2003.
- مجيد، همن عدنان، وخليل، صباح. ( 2023 ) أثر استراتيجية الأركان الأربعة في اكتساب قواعد النحو والأدب الكردي لدى طلاب الصف السابع الأساسي. ***مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية***، 62 (2)، الملحق (1)، 2159-2181.
- مرسومي، مرسومي حامد عبد، وجوامر، علي داود. ( 2023 ) أثر استخدام استراتيجيات الإشارات السياقية في الفهم القرائي لدى طلاب الصف الخامس الثانوي في اللغة والأدب الكرديين ***مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية***، 62 (2)، الملحق (1)، 2183-2204.
- مرسومي، مرسومي حميد عبد (2023). ***أثر استخدام استراتيجيات السياق في الفهم القرائي لدى طلاب الصف الخامس الثانوي في اللغة الكردية وآدابها***، [رسالة ماجستير غير منشورة]، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.
- مولي، أحمد عبد الكريم، وعبيد، كوثر جاسم (2023). أثر استراتيجية تبادل الأسئلة الموجهة في اكتساب المفاهيم النحوية في القراءة والأدب الكردي لدى طلاب الصف الخامس واتجاههم نحو المادة،***مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية، ٦١، (٤)، ٢٢٨٧-٢٣١٨ .***
- النجار، نبيل جمعة صالح، ***القياس والتقويم منظور تطبيقي مع برمجة SPSS***، https://www.researchgate.net/publication/319178213_alqyas_waltqwym_altrbwy_walnfsy تم الاخذ يوم 23-10-2010.

النهضة المصرية ، القاهرة .

- الهاشمي ، عبد الرحمن ، والدليمي ، طه علي حسين .(2008). ***استراتيجيات حديثة في فن التدريس*** ، دار المناهج للنشر ، عمان .
- **سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Norris، S. (1985 ). ***Synthesis of Research on Critical Thinking***. Educational Leadership.

- Cordamane، Ann.(2003). ***Meta cognition ،executive control***، self-regulation and other more mysterious mechanisms.

- Mckinney،R.L.(2001)***. essentials of educational Measurement Englewood*** ،newyork.


**References:**


- Abdul Hamid, Abdul Hamid Abdullah. (2000). The effectiveness of a specific cognitive strategy in developing some higher-order reading comprehension skills among first-year secondary school students***. Reading and Knowledge Magazine, December Issue Two, Egyptian Society for Reading and Knowledge***, Faculty of Education, Ain Shams University, 141-191.
- Abu Allam, Raja Mahmoud .(1978). ***Measuring and evaluating academic achievement***, 1st edition, Dar Al-Qalam for Publishing and Distribution, Kuwait.
- Abu Al-Nil, Mahmoud Al-Sayed .(1984). ***Psychological, social and educational statistics***, 4th edition, Al-Khanji Press, Cairo.
- Abu Hatab, Fouad and Othman, Al-Sayyid Ahmed .(1978). ***Mental Abilities***, 2nd edition, Cairo, Anglo-Egyptian Library.
- Al-Abayji, Mahmoud .(2002). ***Linguistic Performance***, Publications of the Ministry of Culture, Syrian Arab Republic, Damascus.
- Al-Azzawi, Rahim Yunus Crow .(2008). ***Introduction to Scientific Research Methodology***, 1st edition, Dar Degla, Amman.

- Al-Hashemi, Abdul Rahman, and Al-Dulaimi, Taha Ali Hussein. (2008). ***Modern strategies in the art of teaching***, Dar Al-Manhaj for Publishing, Amman.
- Ali, Jian Abdul Karim. (2020). The effect of the "Be Vigilant" strategy on the reading comprehension of second-stage students in the Kurdish Language Department. ***Al-Adab Magazine***, Issue (A) 132, pp. 1-18.
- Ali, Jian Abdul Karim. (2020). The effect of the "Be Vigilant" strategy on the reading comprehension of second-stage students in the Kurdish Language Department. ***Al-Adab Magazine***, Issue (A) 132, pp. 1-18.
- Al-Jubouri, Hussein Muhammad Jawad. (2013). ***Scientific research methodology***, approaches to building research skills, 1st edition, Dar Safaa for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
- Al-Kilani, Sabaysa Faraj, and Obaid, Kawthar Jassim (2023). ***The effect of the RAFT strategy on the acquisition of Kurdish reading and literature among fifth-grade students***, Teacher's Journal for Humanities and Social Sciences, 62(1), 1978-2003.
- Allam, Salah El-Din Mahmoud. (2000). ***Educational and psychological tests and standards***, 1st edition, Dar Al-Fikr for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
- Allam, Salah El-Din Mahmoud. (2006). ***Educational measurement and evaluation in the teaching process***, 2nd edition, Dar Al Masirah Printing House, Amman.
- Al-Najjar, Nabil Jumaa Saleh, Measurement and Evaluation, ***an Applied Perspective with SPSS Programming,*** https://www.researchgate.net/publication/319178213_alqyas_waltqwym_altrbwy_walnfsy, taken on 10-23-2010.
- Al-Qala, Fakhr El-Din, and Younis Nasser. (2003). ***Principles of Teaching***, Part 2, Al-Baath University Publications.

- Al-Salhi, Ibrahim Hashem .(1972). ***The effect of some teaching methods on the achievement of sixth grade students***, University of Baghdad, College of Education, Baghdad.
- Al-Sudani, Khalaf Shamil Meeting (2010). ***Preparing the Henmon-Nelson test for mental ability according to the theory of all traits using the Rasch model for the preparatory stage***, [unpublished master's thesis], University of Baghdad, College of Education (Ibn Rushd).
- Al-Zahir, Zakaria Muhammad et al. (1999). ***Principles of measurement and evaluation in education***, House of Culture and Distribution, Jordan.
- Al-Zubaie, Abdul Jalil Ibrahim, and Muhammad Ahmed Al-Ghannam. (1981). ***Research Methods in Education***, Part 1, Baghdad University Press.
- Arkawasi, Ashti Abdel Hamid Abdel Majeed .(2024). ***The effect of the word meaning strategy on reading comprehension of the Kurdish language and literature subjects among seventh grade students*** [Unpublished master's thesis], Ibn Rushd College of Education, University of Baghdad.
- Attia, Mohsen Ali .(2015). ***Constructivism and its applications***, modern teaching strategies, Methodology House for Publishing and Distribution, Amman.
- DeWitt, Eliud and Peter Davidson. (2005). ***Guidance for preparing a reading comprehension test***, translation, Khaled Abdul Aziz Al-Damegh, King Saud University, Riyadh, Kingdom of Saudi Arabia.
- Egyptian Renaissance, Cairo.
- Ibrahim Magdy Aziz. (2009). ***A dictionary of terms and concepts of education and learning***, World of Books for Publishing, Distribution and Printing, Cairo.

- Ismail, Baligh Hamdi .(2013). ***Strategies for teaching the Arabic language***, theoretical frameworks and practical applications, Dar Al-Mahraj for Publishing and Distribution, Amman.
- Jassim, and Sin Abbas (2022). The effectiveness of a program based on reading strategies in developing reading comprehension skills and productive thinking for fifth-grade primary school students. ***Al-Ustath Journal for Humanities and Social Sciences***, Volume (61), Issue (2), 383-409.
- Khairy, Lamia Muhammad Amin .(2018). ***Active Learning, Ain Shams University***, Muthatroun Foundation for Printing and Publishing, Cairo.
- Majeed, Hman Adnan, and Khalil, Sabah. (2023). ***The effect of the four pillars strategy on the acquisition of Kurdish grammar and literature among seventh grade students***. Al-Ustad Journal for Humanities and Social Sciences, 62 (2), Supplement (1), 2159-2181.
- Marsoumi, Marsoumi Hamid Abd .(2023). ***The effect of using contextual strategies on reading comprehension among fifth-grade secondary school students in the Kurdish language and literature***, [Unpublished master's thesis], Ibn Rushd College of Education, University of Baghdad.
- Marsoumi, Marsoumi Hamid Abd, and Jawamer, Ali Dawoud. (2023). ***The effect of using contextual cueing strategies on reading comprehension among fifth-grade secondary school students in Kurdish language and literature***, Al-Ustad Journal for Humanities and Social Sciences, 62 (2), Supplement (1), 2183-2204.
- Mawli, Ahmed Abdel Karim, and Obaid, Kawthar Jassim. (2023). ***The effect of the strategy of exchanging guided questions on the acquisition of grammatical concepts in reading and Kurdish literature among fifth-grade students and their attitude towards the subject***, Al-Ustad Journal for Humanities and Social Sciences, 61 (4), 2287-2318.

- Obaid, Rana Salem (2018). The effect of collective reading on the comprehension reading of middle school students of English language learners in Iraq. Al-Ustadh Journal of Humanities and Social Sciences, Volume (61), Issue (224), 53-66.
- Qatami, Youssef et al. (2003). ***Basics of Teaching Design***, 2nd edition, Dar Al-Fikr for Printing and Publishing, Amman.
- Qatami, Youssef Mahmoud. (2013). ***Cognitive learning and teaching strategies***, Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, Amman.
- Saber, Fatima Awad, and Mervat Ali Khafaja (2002). ***Foundations and principles of scientific research***, 1st edition, Radiation Technical Library, Egypt.
- Zayer, Saad Ali, and Saba Hamid Hussein (2020). ***Quality standards and improving the teaching of the Arabic language***, Al-Dar Al-Mawdhiyya for Publishing and Distribution, Amman.
- Zayer, Saad Ali, Dhia Abdullah Ahmed, Rahim Ali Saleh, and Hassan Khalbas Hammadi. (2015). ***Classroom observation and practical application for students of Arabic language departments***, Safaa Publishing and Distribution House, Amman.
- Zayer, Saad Ali, et al. (2023). ***Contemporary Educational Encyclopedia***, Safaa Publishing and Distribution House, Amman.